## نەجواخان، بیانبەخشە کاڵفامن!!. سەوسەن بابان*

خوشکی بەڕێزم نەجوا هەولێری..
زۆر بەوردی نووسینەکانت دەخوێنمەوە، ئەگەر بمزانیایە ئەوەندە ئیسیلامیە شەپڕیوەکانی کلکگرتوو، بە بۆچونەکانت قاڵس و نیگەرانن، هەر لەیەکەم ڕۆژەوە منیش دەبووم بە یەکگرتوو بۆ ئەوەی بەقەدەر تۆ شارەزابیم لەسەر تاقمی ئیلحادی سەلاحەدین بەهادین و حزبەکەی خورماڵ بێت، بەڵێ حزبەکەی خورماڵ، هەروەك لەناو خەڵکیدا باوە دەڵێن ئەگەر دەتەوی ببیت بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو ئەوا دەبی خەڵکی خورماڵ بیت یان تەزکیەی یەکگرتوویەکی هەورامیت پێبێت.

تاقمێك یان چەند کۆلکەنووسەرێکی یەکگرتوو ماوەیەکە کەوتوونەتە سووکایەتی کردن بە خاتوو نەجوا هەولێری و دەیانەوێت پێش ئاشکراکردنی پۆخڵەواتەکانی ناو ئەو حزبە وەهابیە، نووسینەکانی یان کەسایەتی خاتوو نەجوا تیرۆر بکەن، جارێك دەڵێن (ئاخۆ ئیسلامیەکان چییان لێکردبێت؟!) و جارێکی دیکە دەڵێن نەجوا ئافرەت نییە و پیاوێکە بەناوی نەجوا دەنووسێت و جارێکی تریش داوای وێنەکەی دەکەن هەتا بیناسن و تیرۆری بکەن.
نەجواخان. . داوات لێدەکەم بیانبەخشە بە گەورەیی خۆت کە لەبەردەم قەڵەمە بوێر و راستگۆکەتتدا ئەو شەمشەمەکوێرانەت ئەوەندەی تر بچوك کردۆتەوە، حەزیش دەکەم بزانیت یەکگرتووی ئیسلامی زۆر لەوە بچوکترە کە تۆمەت بۆ شاقەڵەمێکی وەك قەڵەمەکەی تۆ درووست بکات، وازیان لێبێنە با ئەوەندە ریسوا بن کە جارێکی دیکە نەتوانن، ناوی راستەقینەی خۆیان بنووسن.
نیشتمان و میللەت فرۆشەکان هەر ماوەیەك دەتوانن لەگۆرەپانی کوردایەتی و ئیسلامەتی راستەقینەدا تەراتێن بکەن، ئەوەتا یەکگرتووی نائیسلامی لەجیاتی پێشکەشکردنی بەرنامەی سیاسی خۆیان، تەنها گیرۆدەی وەڵامدانەوەو بێدەنگ کردنی خاتوو نەجوا هەولێرین، ئەو خاتوونەی کە لەناوجەرگەی پیلان و ناپاکی و چەقبەستوویی کلکگرتوەکاندا خۆی ڕزگار کردوە و ئەگەر تائێستا حزبە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کوردستان نەیانتوانیبێت لەئامێزی بگرن، ئەوا مژدەی ئەوەت پێدەدەم لەناو دڵ و هەناوی هەموو کوردێکی بەشەرەفدا جێگای خۆت گرتووە.

*مامۆستا لە قوتابخانەی فریشتە-هەولێر